# کارامەیی پڕۆگرامێکی ڕاهێنراو لە سەر هەندێ لە ستراتیژییای فێربوونی چالاك بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە

# (فعالية برنامج تدريبي قائم على بعض استراتيجية التعلم النشط لتنمية القيم الاقتصادية لدى طفل الروضة)

# (The Effectiveness of a Training Program based on some Active Learning Strategy to developed the Economic Values of the Kindergarten Child)

عبدالصمد احمد محمد[1]، شاجوان عبدالله احمد[2]
[1،2] بەشی باخچەی منداڵان ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی ، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: abdulsamad.mohammed@univsul.edu.iq

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کارایی دروستکردنی پڕۆگرامێکی ڕاهێنانییە بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە.
سنوری توێژینەوەکە بریتییە لە منداڵانی باخچە تەمەن (٥_٦) ساڵ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-_٢٠٢٣).
لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەران میتۆدی ئەزمونیان بەکارهێناوە کە پشت دەبەستێت بە دوو گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو).
کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٥٨٧) منداڵی باخچە لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٢٤) منداڵ کوڕ و کچ (١٢) منداڵ بۆ گروپی ئەزمونی و (١٢) منداڵ بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو. ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ئامادەکردنی پێوەری وێنەیی بەها ئابوورییەکان، پێوەرەکە پێکهاتووە لە (٣٠) برگە وە برگەکان دابەشکراون بەسەر (٦) بواردا کە بۆ هەر بوارێك (٥) برگە لە خۆدەگرێت، دوای دڵنیابوونەوە لە ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا کە گروپی (ئەزمونی)یە. پاشان توێژەران پڕۆگرامێکی ڕاهێنانیان دروست کرد بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران سوودیان لە توێژینەوەکانی پێشوو بینیوە، پڕۆگرامەکە لە (١٤) دانیشتن پێکهاتووە، (٢) دانیشتن لە هەفتەیەکدا وە هەر دانیشتنێك (٣٠) خولەکی خایاند.
لە چارەسەر کردنی ئاماری و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان و دەرهێنانی ئەنجامەکان، پڕۆگرامی (SPSS) بەکارهێنرا، وە گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانیش بریتی بوون لە تاقیکردنەوەی (T) دوو نمونە (Two Independent Samples T_test) بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو).
لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە :
١. پڕۆگرامی ڕاهێنانی لە سەر ستراتیژییای فێربوونی چالاك ، کاریگەری هەیە بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە.
٢. جیاوازی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی ئەزمونی دەریخست کە پڕۆگرامەکە کاریگەری هەبووە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی.
٣. نەبوونی جیاوازی لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گروپی کۆنترۆڵکراو دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە شێوازی وانەووتنەوەی ئاسایی (تەقلیدی) هیچ گۆڕانکارییەکی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی گروپەکەدا دروست نەکرد.

**کلیلە ووشە:** پڕۆگرامی ڕاهێنان ، فێربوونی چالاك ، بەها ئابوورییەکان ، منداڵی باخچە



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: | گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10492 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٢/١٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/١٥ \| ڕێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢٣/١٢/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | abdulsamad.mohammed@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بلاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.ی.د. عبدالصمد احمد محمد، شاجوان عبدالله احمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص

يهدف البحث الى معرفة فعالية بناء برنامج تدريبي لتنمية القيم الاقتصادية لدى طفل الروضة. لقد تكون حدود البحث من الاطفال الرياض الذين تتراوح أعمارهم بين (٥-٦) سنوات للعام الدراسي (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣).

ولتحقيق هدف البحث تم استخدام الباحثان المنهج التجريبية الذي يعتمد على المجموعتين (التجريبية والضابطة). لقد تكون مجتمع البحث من (٣٥٨٧) طفل الروضة في مديرية تربية رانيه ، وأختيرت (٢٤) طفلا و طفلة كعينة البحث ، (١٢) طفلا للمجموعة التجريبية ، و (١٢) طفلا للمجموعة الضابطة . لقد قام الباحثان من اعداد أداة البحث لمقياس المصور القيم الأقتصادية التي تكونت من (٣٠) فقرة مقتسمة على (٦) المجال تحتوى كل منها على (٥) فقرة.

وبعد ذلك تم التأكد من صدق وثبات المقياس تم تطبيقه على عينة البحث . أما البناء البرنامج تدريبي لتنمية القيم الأقتصادية لدى طفل الروضة ، أعتمدت الباحثان من الدراسات السابقة ، فقد تكون البرنامج من (١٤) جلسات ، جلستان في الاسبوع ، واستغرقت (٣٠) دقيقة لكل جلسة.

وتم استخدام البرنامج الأحصائي (SPSS) لتحليل البيانات واستخرج النتائج ، ومن أهم الوسائل الاحصائية اختبار (T) للعينتين (Two Independent Samples T-test) للأختبار (القبلي و البعدي) المجموعتين ( التجريبية و الضابطة).

وقد توصل البحث الى أن :

١.البرنامج التدريبي على استراتيجية التعلم النشط ، لها تأثير على تنمية القيم الأقتصادية لدى طفل الروضة.

٢. أظهر الفرق بين الاختبار ( القبلي و البعدي ) للمجموعة التجريبية أن البرنامج كان فعالاَ لصالح الاختبار البعدي.

٣.عدم وجود فرق بين الاختبار القبلي و البعدي للمجموعة الضابطة ظهرت الى ان طريقة التدريس التقليدية لم تحدث اي تغير في نتائج اختبار المجموعة.


**مفتاح الكلمات:** برامج التدريب، التعلم النشط، القيم الاقتصادية، طفل الروضة


## Abstract

The aim of this study is to determine the effectiveness of a training program to develop economic values among kindergarten children. The limitation of this study is kindergarten children aged (5-6) years for the academic year (2022-_2023).

In order to achieve the objective of the study, the two researchers used an experimental method that relies on two groups (experimental and controlled). The study community consists of (3587) kindergarten children in Ranya Education Directorate. The sample consisted of 24 children, boys and girls, 12 children for the experimental group and 12 children for the control group. The research tools consist of preparing a pictorial scale of economic values, the scale consists of (30) items and the items are divided into (6) areas that contain (5) items for each area. experiential) is then the two researchers developed a training program to develop economic values among kindergarten children. For this purpose, the two researchers used previous research. The program consisted of 14 sessions, 2 sessions per week and, for each session 30 minutes.

SPSS was used in the statistical analysis of data and results. The most important statistical tools used were the (Two Independent Samples T_-test) for the preliminary and post hoc tests of the experimental and control groups.

The most important results of the study were:

1. Training programs on active learning strategies have an impact on the development of economic values in kindergarten children.
2. The difference between the preliminary and post test of the experimental group showed that the program was effective in favor of the post test.
3. The lack difference between the preliminary and post test of the control group reflects the fact that the traditional teaching method did not make any change in the results of the group.

**Keywords:** Program Training , Active Learning , Economic Values , kindergarten Child

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوەکە:

ئەو کۆمەڵگایەی کە بە کێشەی ئابووریدا تێ دەپەڕێت کاریگەریی هەیە لەسەر پێشکەوتن و خزمەتکردن بە تاکەکان و زۆر گۆڕانکاری هەیە لەم سەردەمەدا کە کاریگەریی ڕوونیان هەبووە لەسەر بچووکترین پێکهاتەی کۆمەڵگا کە خێزانە و بەو شێوەیەش کاریگەری لەسەر منداڵەکەش هەیە.

لە بەرئەوەی بارودۆخی ئابووری زۆربەی خێزانەکان زۆر جیاوازە و زۆر سەختە کاتێك داهاتی خێزان لاواز دەبێت و ناتوانێت داواکارییە سەرەتاییەکانی منداڵەکە جێ بەجێ بکات، ئەوا ڕەنگە ئەو منداڵە هەست بە تووڕەیی بکات بەرامبەر بە خێزانەکەی،

پەروەردەی ئابووری لایەنێکی گرنگی پەروەردەییە، بە بێ ئەو پرۆسەی پەروەردە تەواو نابێت و پێویستە لە تەمەنێکی زووەوە بە دوای ڕێگەیەکی نوێدا بگەڕێت بۆ گەشەکردنی لە منداڵاندا. (علي، ٢٠٢١: ٩٤٣)

سەرەڕای ئەم گرنگییە، واقعی ئێستا نەبوونی بەرنامەی فێرکاری بە گشتی و پرۆگرامی ڕاهێنانی بە تایبەتی، ڕێگرە لە بەرەو پێش چوونی ڕەوتی فێرکردن لە باخچەکانی کوردستاندا، بۆیە پێویستە پرۆگرامێکی چالاکی و فێرکردن پەیڕەو بکرێت کە ببێتە هۆی گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە.

وەك ئاشکرایە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێداویستییەکانی مرۆڤ بەردەوام لە زیاد بووندایە بە جۆرێك کە ئەو بابەتانەی لە ساڵانی پێشوودا ئەو گرنگییەی نەبووە، ئێستا بووەتە پێویستییەکی گرنگی ژیان بۆ نموونە مۆبایل، ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر، کارەبا، ئاو، خۆراك، کات، ئەمانە و چەندان شتی دیکە کە بەردەوام مرۆڤەکان بەکاری دەهێنن، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئابوورییانە بەکاری بهێنن و زیادەڕەوی تێدا نەکەن، کە هەموو ئەمانە پێویستە منداڵی لەسەر ڕابهێنرێت کە دەبێت پابەند بین بە بەکارهێنانیانەوە و کەسانی دیکە سوودی لێ ببینن.

توێژەران تێبینی ئەوەیان کرد لە میانی خوێندنی کۆرسات و سەردانیکردنی باخچەکان و مامەڵەکردنی بەردەوامی ڕۆژانە لەگەڵ منداڵدا، هەستیان کرد کە منداڵان گرنگی و بەهای ئەو شتانە نازانێت کە بەکاریان دەهێنێت، کە ئەمەش پێویستی بە پرۆگرامێك هەیە بۆ دروستکردنی ئەو بەهایانە لە منداڵدا، بۆیە کێشەی توێژینەوەکە پێویستی بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییە دەبێت: ئایا مەودای کارامەیی پرۆگرامێك لە گەشەپێدانی بەها ئابورییەکان چەندە لە سەر هەندێ ستراتیژییای فێربوونی چالاك لای منداڵانی باخچە؟

### گرنگی توێژینەوەکە:

ئامانجی باخچەی منداڵان ئەوەیە کە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی جەستەیی و مەعریفی و سۆزدارییەوە گەشەیەکی گشتگیری یەکپارچە و هاوسەنگ بە کەسایەتی منداڵاندا بەدیبهێنێت لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەی کە باخچەی منداڵان دابینیکردوون، چونکە چالاکی پەروەردەیی هەوڵێکی دەروونیی و جەستەیی و ڕاهێنانی کارامەییە لە پرۆسەی پەروەردەیی لە بوارەکانی زانین و دەروونی و هەڵچوونی و چالاکیدا، توخمێکی گرنگن لە بنیاتنانی کەسایەتی منداڵدا هەروەك منداڵ یارمەتیدەرە لە پەرەدان بە پشت بەستن بە خود و پێکهێنانی خوود

و لێهاتوویی و بەها. (عطية واخرون، ٢٠١٨: ٣)

## گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی لای خوارەوەیە:

١. ئەم توێژینەوەیە یارمەتی ئەوکەسانە دەدات کە پرۆگرامی خوێندن بۆ باخچەی منداڵان پەرە پێ دەدەن.

٢. یەکێك لەو بابەتەی کە ئەم توێژینەوەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە و مامەڵەی لە گەڵدا دەکات، پەروەردەی ئابوورییە وەك لایەنێکی گرنگ کە بە بێ ئەوە پرۆسەی پەروەردە تەواو نابێت.

٣. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە لە بەرئەوەی لە ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقدا کەمە، بە پێی زانینی توێژەر، بۆیەدەرکەوتووە کە ئاستی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە گرنگی خۆی هەیە لە پەرتوکخانەکاندا، بۆیە هەر کۆششێك لەو بوارەدا بکرێت گرنگی خۆی هەیە.

٤. گرنگی بابەتی توێژینەوەکە لەو فێربوونە چالاکەدا دەردەکەوێت کە یەکێکە لە ڕەوتە پەروەردەییە هاوچەرخەکان و وەڵامێکی بابەتییانەیە بۆ ئەوەی لە ئێستادا پەروەردەکاران داوای چی دەکەن لە کاتی ئێستادا لە پێویستی بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی لە فێربووندا و کاریگەریی ئەو ستراتیژییانە و باشتر کردنی دەستکەوتەکانیان و مەیلی ئەوان بۆ فێربوون.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

١. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە سەر پێوەری بەها ئابوورییەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ و کچ) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی.

٢. جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە سەر پێوەری بەها ئابوورییەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ و کچ) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی.

## سنوری توێژینەوەکە:

سنوری بابەتی: پرۆگرامێکی ڕاهێنانی بۆ هەندێك لە بەها ئابوورییەکان بۆ نموونە (بەهای بەکارهێنانی ئاو، بەهای بەکارهێنانی خۆراك، بەهای کارەبا، بەهای کات، بەهای تەکنەلۆژیا، پاشەکەوتکردن).

سنوری مرۆیی: بریتییە لە منداڵانی باخچەی منداڵانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە کە تەمەنیان لە نێوان (٥_٦)ساڵیدایە.

سنوری کاتی: بریتییە لە ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢ _٢٠٢٣).

سنوری شوێنی: پارێزگای سلێمانی (سەنتەری شاری ڕانیە، قەزای حاجیاوا).

## پێناسەی زاراوەکان:

### یەکەم: پرۆگرامی ڕاهێنان:

(زهران، ١٩٨٦) پلانێکی داڕێژراوە لە بەر ڕۆشنایی دامەزراوە زانستییەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە تاکی، یان بە کۆمەڵ بە ئامانجی یارمەتیدانی گروپی ڕاهێنان بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانیان بۆ شێوەیەکی باش و گونجاو. (شبیب، ٢٠١٩: ١٩)

پێناسەی تیۆری پرۆگرامی ڕاهێنان: بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێکار و ڕێنمایی و چالاکی و ڕاهێنانی کرداری ڕێکخراو بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.

پێناسەی ڕێکاری پرۆگرامی ڕاهێنان: بریتییە لە کۆمەڵێک دانیشتن بە شێوەیەکی زانستی داڕێژراون بۆ هەر دانیشتنێک بابەت ئامانج و ماوە و ڕێکار و هەڵسەنگاندن دیاری دەکرێت، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی هەر دانیشتنێک ستراتیژی و تەکنیکی دیاریکراو بە کار دەهێنرێت.

### دووەم: فێربوونی چالاك:

(لینا، ٢٠١٤) فەلسەفەیەکی پەروەردەییە کە پشت دەبەستێت بە بەشداری چالاك و پۆزەتیڤانەی فێرخواز لە دۆخی فێرکاری و فێربووندا و هەموو ڕاهێنانە پەروەردەییەکان و ڕێکارەکانی فێرکردن دەگرێتەوە کە ئامانج لێی چالاك کردنی ڕۆڵی فێرخواز و ئەو شوێنەیە کە فێربوون لە ڕێگەی کار و تاقیکردنەوە و توێژینەوە و پشتبەستن بە فێرکار لە بەدەستهێنانی زانیاری و بەدەستهێنانی لێهاتوویی و پێکهێنانی بەها و

ئاڕاستەکان زیاد دەکات. (المصري، ٢٠١٤: ٢٤)

پێناسەی تیۆری فێربوونی چالاك: پرۆسەیەکی وانە ووتنەوەی پەروەردەییە کە پێك دێت لە جۆرەها چالاکی، کە پشت دەبەستێت بە بەشداری چالاکانەی فێرخواز لە پرۆسەی فێربوون و فێرکارییدا، کە فێرخواز سەنتەری سەرەکی پرۆسەی فێربوونە.

پێناسەی ڕێکاری فێربوونی چالاك: سەرجەم ئەو چالاکی و یاری و چیرۆکانەیە کە منداڵانی نمونەی توێژینەوەکە دەیخوێنن و جێ بەجێی دەکەن لە کاتی ئەنجامدانی پرۆگرامی ڕاهیناندا.

**سێیەم: بەها ئابووریەکان:**

(البلخي،١٩٩١) یەکێك لە جۆرەکانی بەهاکانە کە خۆشەویستی تاکەکانە بۆ کاری بەرهەمهێن و چالاکییە ئابوورییەکان کە بەشدارن لە باشتر کردنی بارودۆخی تاك وکۆمەڵگا. (الحمود، ٢٠١٠: ١٠)

پێناسەی تیۆری بەها ئابوورییەکان: کۆمەڵێك بەهایە کە پێویستە پەرەی پێ بدرێت لە لایەن پەروەردەکارەوە و چاندنی وگەشە کردنی لە لای منداڵ.

پێناسەی ڕێکاری بەها ئابوورییەکان: ئەو نمرەیەیە کە منداڵی باخچەی ساوایان بەدەستی دەهێنێت لە ڕێگەی وەڵامەکانییەوە لەسەر پێوەری وێنەیی بەها ئابوریەکان ، کە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە.

**چوارچێوەی مەعریفی توێژینەوەکە**

یەکەم: چەمکی فێربوونی چالاك : Active Learning

لە پەروەردەی هاوچەرخدا فێرخواز ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێ و ئەکتیڤە، واتە چالاکی وگەڕان و پرسیار و ئاخاوتن لای فێرخوازە، لە بەرامبەردا مامۆستاش ئاڕاستە و ڕێنیشاندەر و ڕاست کردنەوەی هەڵە و دروست کردنی پاڵنەری فێرخوازە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەروەردەی هاوچەرخ پێویستی بە مامۆستایەکە ئامادە کرابێت لە ڕووی زانستی و پیشەییەوە، چەندە شارەزایی زانست و بابەتەکە بۆ مامۆستا پێویستە، ئەوەندەش پێویستی بە شارەزایی و شیاوی و لێهاتوویەکانی وانە ووتنەوە هەیە. (عزیز، ٢٠١٤: ٦)

**ئامانجەکانی فێربوونی چالاك:**

**ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك:**

توێژەر لێرەدا جەخت دەکاتە سەر هەندێك لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك و باس لەوانە دەکات لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەیدا بەکاریاندەهێنێت، کە ستراتیژییەکانیش پێکدێن لەمانەی خوارەوە:

**١.ستراتیژی فێربوونی هەرەوەزی : Cooperative Learning Strategy.**

فێربوونی هەرەوەزی بریتییە لە بەکارهێنانی وانەوتنەوە لە گروپە بچووکەکان کە بە سادەیی تایبەتمەندن، وەك چۆن ئەندامانی پۆلەکە دابەش دەبن بەسەر گروپی دوو، یان چوار ئەندام دوای وەرگرتنی وانەکە لە مامۆستا، دواتر هەموو گروپەکان کار لەسەر ئەو ئەرکانە دەکەن کە بۆ هەریەکەیان دیاری کراوە، بەجۆرێك ئەندامەکان لە هەموو گروپەکان لێیان تێدەگەن و تەواویان دەکەن و خوێندکاران دەبێت جیاوازییە کەسییەکانیان چارەسەر بکەن و پێکەوە کار بکەن، ئەوان تێدەگەن کە هەریەکەیان ڕۆڵی هەیە لە سەرکەوتنی ئەوانی تردا، و بەرپرسیارێتی یەکتریان هەیە. (العازمي، ٢٠٠٢: ٥)

**٢.ستراتیژی ڕۆڵبینین: Role Playing**

ئەم ستراتیژە لەسەر ئەو گریمانەیە دەگەڕێتەوە کە فێرخوازێك ڕۆڵی هەیە لە پێگەیەکی دیاریکراودا گوزارشت لە خۆی، یان هەر کەسێکی تر بکات، بۆ ئەوەی ئەمە لە ژینگە و هەلومەرجێکی پارێزراودا بکرێت کە فێرخوازان هاوکار و خۆڕاگرن و بەنیازن یاری بکەن.(هنداوي، ٢٠٢١: ١١٢)

**٣.ستراتیژی گفتوگۆ: Strategy of Discussion**

یەکێك لە ڕێگا باوەکان بۆ بەرزکردنەوەی فێربوونی چالاك باشترین میتۆدی وانە هەموارکراوەکانە ئەگەر وانەکە مەبەستی لە بیرهێنانەوەی زانیاری زیاتر بێت و هانی فێرخوازان بدات کە بەردەوام بن لە فێربوون و زانستی ڕۆشنبیر لە حاڵەتی نوێدا جێبەجێ بکەن و شارەزایی بیرکردنەوە لە شێوازی دیالۆگ و گفتوگۆ، داوا لەمامۆستایان دەکات کە شارەزایی و زانیاری تایبەت بەشێوازی گونجاوی پرسیارکردن و بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان هەبێت، هەروەها زانیاری و شارەزایی هەبێت لە دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ گفتوگۆکردنی فێرخوازان. (علي، ٢٠١٠: ٢٤٦)

٤.ستراتیژی بیرپژان: Brainstorming Strategy بیرپژان یەکێکە لە شێوازەکانی گفتوگۆی بەکۆمەڵ کە بەهۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵێك لە تاکەکانی (٥_١٢). لە ژێر چاودێری مامۆستادا هاندراون بۆئەوەی گەورەترین ژمارەی بیرۆکەی هەمەجۆری نوێخواز بە شێوەیەکی خۆڕسك لە کەش و هەوایەکی کراوەدا بەرهەمبهێنن. (خیري, ٢٠١٨: ١٦١).

**٥.ستراتیژی چارەسەرکردنی کێشەکان: Strategy of Solving Problem**

ستراتیژی چارەسەرکردنی کێشەکان کارامەییەکی عەقڵییە کە دەتوانرێت ڕابهێنرێت و پەرەی پێبدرێت، بەڵام کارامەییەکە کە پەیوەندی بە پرۆسەی عەقڵی تاکەکەسەوە هەیە و ئاستی ئەو چارەسەرانەی کە لەدۆخی کێشەکەدا بەکاردەهێنرێن، تاکەکان جیاوازییان هەیە لە ڕادەی کۆنترۆڵکردنی پرۆسە عەقڵییە لێهاتووییەکانیان لە بەرامبەر کێشەیەکدا، بەهۆی هۆکارە جیاوازەکانی پەیوەست بە تاك و ئەرکەکەوە. ( المعنونة، ٢٠١٥: ٣٢)

**٦.ستراتیژی دۆزینەوە: Discovery Strategy**

توێژینەوە پەروەردەییەکانی ئەم دواییە جەخت لەسەر پێویستی بەکارهێنانی شێوازی دۆزینەوە دەکاتەوە لەوانە وتنەوەدا، چونکە ڕێگە بە فێرخوازان دەدات بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە پرۆسەی فێربووندا بکەن ئەم دۆزینەوەیە وەك ئەو پرۆسەیەی کە فێرخواز دەگاتە چارەسەر لەوانەیە دەرهاویشتە، یان گەیشتن بە زانیارییەکی دیاریکراو ڕوودات دۆزینەوەی کاتێك فێرخواز تووشی گرفت دەبێت، بەدوای ڕێگاکانی چارەسەرکردن یان دووبارە چارەسەرکردنەوەدا دەگەڕێت، کە توانای بیرکردنەوە زیاد دەکات و دۆزینەوەیش یارمەتی زانیاری کۆگاکردنی فێرخوازان دەدات بەشێوەیەك کە وای لێبکات ئەو دەتوانێت بە ئاسانی بیگێڕێتەوە هەرکاتێك بیەوێت. (القیسي، ٢٠١٨: ١٢٤)

**٧.ستراتیژی فێربوون بە یاری : Play Strategy**

کۆمەڵێك چالاکی فێرکارییە کە ئامانجیان پێشکەشکردنی ئەزموونی فێرکارییە، لەڕێگەی پێشکەشکردنی کات بەسەربردن و خۆشی و کارلێککردن و کردنی خوێندکار بە ئەرێنیتر و چالاکتر و کارلێکتر لەگەڵ مامۆستا و لەگەڵ فێرخوازەکان و زیاتر ئارەزووی بکات.

( الغوالبي، ٢٠١٢: ٦٧٩)

**٨.ستراتیژی گێڕانەوەی چیرۆك : Story Strategy**

کۆمەڵێك ڕێکارە کە تێیدا زانیارییەکان بە شێوەی گێڕانەوە پێشکەش دەکرێن کە بە جێگەی سەرنج ڕاکێشان و تایبەتمەندە بە مەبەستی گەیشتن بە هەندێك ئامانج. (محمد، ٢٠١٥: ٨٢_٨٥)

## دووەم: گەشەکردنی هۆشیاری بەها ئابوورییەکان:

## چەمکی بەها ئابوورییەکان:

کۆمەڵێك زانیارییە کە پەیوەندییان بە لایەنە ئابوورییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، و بەشدارە لە ڕەفتاری ئابووری بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی منداڵ، لەوانەش ئەم چەمکانە (پاشکەوتکردن، خەرجکردنی مامناوەند، هۆشیاری بەکاربردن، ڕێزگرتن لە کار و قازانجی ئابووری، پلاندانانی ئابووری. (شرف، ٢٠١٧: ١٥)

بەها ئابوورییە پەیوەندیدارەکان:

**١. بەهای بەکارهێنانی ئاو:**

هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو یەکێکە لەو بابەتانەی کە ڕای گشتی نێودەوڵەتی داگیر دەکەن و نابێت پشتگوێ بخرێت، هەمووی بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی ئێمەیە کە پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان و پراکتیزەکردنی شێوازە شارستانییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو و گونجاندنی خووەکانی ڕۆژانەمان. (جواد، ٢٠١٧: ١_٤)

**٢. بەهای بەکارهێنانی خۆراك:**

خۆراك لەم قۆناغەدا بە مانای دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی منداڵ لە خۆراکەوە نییە، بەڵکو خۆراك دەکات بە کلتوری خۆراکی خۆیان ، بۆیە دایك و باوك دەبێت یارمەتی منداڵەکان بدەن بۆ بەدەستهێنانی خووی خواردنی تەندروست. (آل غیهب، ٢٠١٩: ٧٧)

**٣. بەهای بەکارهێنانی ووزە (کارەبا):**

سووتاندنی سووتەمەنی بەردینی کە لە بەرهەمهێنانی کارەبادا بەکاردەهێنرێت دەبێتە هۆی بڕێکی زۆر لە پیسبوون بە بەرگەهەواوە و دزەکردنی نەوت بۆ خاك یان ئۆقیانوسەکان زیانێکی زۆری هەیە و ئەم مەترسییە ژینگەییانە هۆکاری گرنگن بۆ هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا.

**٤. بەهای بەکارهێنانی کات:**

کات توخمێکی بنەڕەتییە لە بەدیهێنانی زۆربەی کارەکان، کە گرانترین توخمە لە ژیانی مرۆڤدا و بەنرخترین شتە کە مرۆڤەکان لە ژیاندا خاوەنین، چەندە مرۆڤ گرنگی کات و بەهای کات لەبیر دەکات، بۆیە تاك دەبێت ئاگاداری هەموو ساتێك و خولەك و کاتژمێرێك لە کاتژمێرەکانی ژیان بێت و کاری زۆر بکات بۆ دامەزراندن و سوودمەندبوونیان بۆ ئەوەی لەدەستی نەچێت بەبەفیڕۆدانی. (الفقی، ٢٠٠٩: ٢٥)

**٥. بەهای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا:**

ئێمە بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و زانیارییەکان گەیشتوینەتە ئەو خاڵەی کە هیچ گەڕانەوەیەکمان نییە، واتە ئێمە بە خێرایی و بەردەوام بە پێ دەڕۆین بۆ پەرەپێدان و دامەزراندن و بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە و چیتر ناتوانین بگەڕێینەوە، ئەمەش بارگرانییەکی قورس بە پەروەردەکاران دەبەخشێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی فێرکردن و فێربوون لە سەردەمی گۆڕانکاریدا، چەندین پێشکەوتن و داهێنان. (الجابري، ٢٠١١: ١)

**٦. بەهای پاشەکەوتکردن:**

پاشەکەوتکردن ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنان و هۆشیاری بەکاربردن پێکەوە، چونکە زیادبوونی بەرهەمهێنان بەهۆی بەرهەمهێنانەوەیە، کە بڕێکی زیاتر لە پێداویستییەکانی بەکاربردن بەدەست دەهێنێت، بێگومان ئەمەش بە میانڕەوی لە بەکاربردن و عەقڵانیکردندا بەدەست دێت. (الخضر، ٢٠٢١: ٢٤٧)

### سێیەم: پرۆگرامی ڕاهێنان:

### چەمکی پرۆگرامی ڕاهێنان:

کۆمەڵێك ئەزموون و چالاکیی و ڕووداوی پلان بۆ داڕێژراو و بەرنامە بۆ داڕێژراو، کە بە پشتبەستن بەو تیۆریانەی فێربوون و پەروەردە ڕاست دەکرێنەوە کە فێرخواز بەرکەوتووە و پراکتیزە دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت زانیاری و لێهاتوویی و شێوازی ڕەفتار و ڕەوتەکان بەدەستبهێنێت کە بەدەستهێنانیان دەبێتە هۆی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕاهێنانی کارەکە بۆ تاکەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان بۆ ڕێکخراوەکان. (النجار، ٢٠١١: ٤٦)

## پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

١. توێژینەوەی زینب (٢٠١٨): کاریگەری بەرنامەی چیرۆکی بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە.

ئامانجی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە کاریگەری بەرنامەی چیرۆکی بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە میتۆدی ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە تەمەن (٥_٦) ساڵ، نموونەی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە (٢٤) کوڕ و کچ لەباخچە حکومییەکانی شاری بغداد/ ناوچەی کرخ، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی بەها ئابوریەکان بۆ بەهاکانی بەکارهێنانی (ئاو، کارەبا، پاشەکەوت). کە هەریەکەیان لە (٩) برگە پێکهاتبوو، پرۆگرامی چیرۆك (ئامادەکردنی توێژەر) کە پێکهاتبوو لە (١٢) دانیشتن، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکەی پێکهاتبوو لە ڕێژەی سەددی، هاوکۆلکەی جیاکاری و گرانی، هاوکێشەی پەیوەندی بوینت بای سیریل، هاوکێشەی ألفا کرونباخ، مربع کای، ناوەندی ژمێرەیی، بەرنامەی SPSS، لادانی پێوەری، t,test .

## گرگنترین ئەنجامی توێژینەوەکە:

_ هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان نمرەکانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو بۆ تاقیکردنەوەی بەها ئابوورییەکان (پێشەکی و پاشەکی)

٢.توێژینەوەی هناء (٢٠١٩): پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە.

ئامانجی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە ١. دیاریکردنی بەها ئابوورییەکان کە گونجاون بۆ منداڵی باخچە، ٢. ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ بەها ئابوورییەکان کە پێویستن بۆ منداڵی باخچە، ٣. ئامادەکردنی پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوریەکان بۆ منداڵی باخچە، ٤. دیاریکردنی کاریگەری پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکە بریتی بوو لە میتۆدی وەسفی لە جۆری پشکنین و شیکاری، میتۆدی ئەزموونی، دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە ئاستی دووەم تەمەن ( ٥_٦) ساڵ، نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٦٠) کوڕ و کچ لە شاری منصورە لە پارێزگای الدقهلیە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە فۆڕمی دیاریکردنی بەها ئابوورییەکان کە گونجاون بۆ منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر(، پێوەری وێنەیی بەها ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر) بۆ بەهاکانی (کەمکردنەوەی بەکاربردن، خەرجکردن، پاشەکەوتکردن، کار، ڕێزگرتن لە خاوەن پیشەکان)، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە هاوکێشەی پەیوەندی پیرسون، الفا کرونباخ، لادانی پێوەری، هاوکێشەی هوفستاتر، بەرنامەی SPSS، چوارگۆشەی ئیتا.

## گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە جێبەجێکردنی پاشەکی بۆ پێوەری بەها ئابوورییەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی.

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لەجێبەجێکردنی پێشەکی و پاشەکی بۆ پێوەری بەها

ئابوورییەکان لەبەرژەوەندی جێبەجێکردنی پاشەکی.

٣.توێژینەوەی فایزة (٢٠٢٠): کارامەیی پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر فێربوونی چالاك بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە.

ئامانجی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە ١. دیاریکردنی هەندێك لە بەها ئابوورییەکان کە دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت لای منداڵی باخچە بەبەکارهێنانی فێربوونی چالاك، ٢. ئامادەکردنی پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر فێربوونی چالاك بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، ٣. زانینی کارامەیی فێربوونی چالاك بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە، ٤. ئامانجی توێژینەوەی ئێستا گەشەپێدانی هۆشیارییە بە بەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە، میتۆدی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە نیمچە ئەزموونی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە منداڵانی باخچە تەمەن (٤_٦) ساڵ ئاستی یەکەم، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (١٦) کوڕ و(١٥) کچ لەشاری سادات لە پارێزگای المنوفیە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە فۆڕمی بەها ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر، کارتی تێبینی ئەدای منداڵانی باخچە بۆ بەها ئابوورییەکان (ئامادەکردنی توێژەر)، تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان بۆ منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر) بۆ بەهاکانی بەکارهێنانی (ئاو، خۆراك، کات، پارە، کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، پاشەکەوتکردن، پارێزگاریکردن لە کەلوپەلی گشتی، پارێزگاریکردن لە کەلوپەلی تایبەتی، ڕێزگرتن لە کرێکار و خاوەن پیشەکان، کڕین و فرۆشتن)، پرۆگرامی ئامادەکراو لەسەر فێربوونی چالاك بۆ گەشەپێدانی هەندێك لەبەها ئابوورییەکان لای منداڵی باخچە (ئامادەکردنی توێژەر)، ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە لادانی پێوەری، ناوەندی ژمێرەیی، t,test.

## گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە:

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی لە پێوانەی پێشەکی و پاشەکی لەسەر پێوانەی بەها ئابوورییەکان دوای خستنەڕووی پرۆگرامی پێشنیارکراو لەبەرژەوەندی پێوانەی پاشەکی.

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە :**

لە توێژینوەکەدا توێژەران پشتیان بە میتۆدی ئەزموونی بەستووە، میتۆدی ئەزموونی لە نێو میتۆدەکاندا وردترین میتۆدی توێژینەوەیە و ڕەنگە لە هەموویان ئاڵۆزتر و قورستر بێت، لەم ڕێبازەدا توێژەر بە تەنها دۆخەکە وەسف و دیاری ناکات و چالاکییە زانستییەکەی هەر ئەوەندە نییە کە تێبینی ئەو ڕەوشە بکات کە هەیە، بەڵکە لەوەش زیاترە و هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی فاکتەرەکانی توێژینەوەکەی. (بۆکانی، ٢٠٢٠: ١٠١).

**دووەم: دیزاینی ئەزمونی :**

توێژەران پشتیان بەستووە بە دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆلکراو (لە پێوانەی پێشەکی و پاشەکی).

**سێیەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە منداڵانی باخچەی تەمەن (٥_٦) ساڵ ئاستی (سەرەتایی) لە هەردوو ڕەگەزی (کوڕ و کچ) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢_٢٠٢٣) کە ژمارەیان بریتییە لە (٣٥٨٧) منداڵی باخچە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی قەزای ڕانیە/ حاجیاوا، جێبەجێکردنی لە باخچە حکومییەکان.لەخشتەی (١) خراوەتەڕوو

خشتەی (١)

کۆمەڵگەی توێژینەوە

| بەڕێوەبەرایەتــی پــەروەردە | ژمارەی باخچە | ژمارەی منداڵ |
| --- | --- | --- |
| ڕانیە | ١٣ | ١٧٥٣ |
| حاجیاوا | ٦ | ٩٥٠ |
| چوارقوڕنە | ٨ | ٨٨٤ |
| کۆی گشتی | ٢٧ | ٣٥٨٧ |

## چوارەم: نمونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٢٤) منداڵی (کوڕ وکچ) بەشێوەی یەکسان لە باخچەی منداڵانی خونچە لە حاجیاوا، (١٢) منداڵ بۆ گروپی ئەزموونی (٦ کوڕ) و (٦) کچ. (١٢) منداڵ بۆگروپی کۆنترۆڵکراو (٦ کوڕ) و (٦) کچ ، نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردرا.

پێنجەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە : بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە کە بریتییە لە زانینی کارامەیی پرۆگرامێکی ڕاهێنانی بۆگەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە تەمەن (٥_٦) ساڵ یەك پێوەری بەکارهێناوە کە بریتیە لە:

١.پێوەری بەها ئابوورییەکان: توێژەران هەستان بە ئامادەکردنی پێوەرێك بە پشت بەستن بە چەند پێوەرێکی زانستی و کتێب و توێژینەوە زانستییەکان، وەك (زينب ٢٠١٨، هناء ٢٠١٠، فايزة ٢٠٢٠)، پێوەرەکە پێکهاتووە لە (٣٠) برگە، سەرەتا توێژەران بوارەکانی دیاریکردووە کە پێکهاتبوون لە (شەش) بوار کە بریتین لە بوارەکانی (ئاو، خۆراك، کارەبا، کات، تەکنەلۆژیا، پاشەکەوتکردن) کە هەریەکە لە بوارەکانی (ئاو، کارەبا، پاشەکەوتکردن) توێژەران برگەکانیان ئامادەکردووە بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو بە دەستکاریکردنێکی کەمەوە، بەڵام هەریەکە لە بوارەکانی (خۆراك، کات، تەکنەلۆژیا) توێژەران ئامادەیان کردووە و دایانڕشتووە بە سوود بینین لە سەردانیکردنی باخچەکان و مامەڵکردنی بەردەوامی ڕۆژانە لە گەڵ منداڵدا کە بە پێویستی زانی ئەم (سێ) بوارەش زیاد بکات لە توێژینەوەکەیدا، لەسەرەتادا توێژەران بۆ هەریەکە لە بوارەکان (٦) برگە و پرسیاریان دانابوو کە بۆ هەر برگە و پرسیارێك جێگرەوەکانی بریتی بوون لە (بەڵێ، نەخێر)، پێدانی نمرەی (١، سفر) بۆ جێگرەوەکان، لە پاش گفتوگۆکردن نێوان توێژەران، بە گونجاوییان زانی بۆ هەر بوارێك (٥) برگە و پرسیار دابنرێت کە دەگونجێت لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵ، چونکە پێیوابوو منداڵ زوو بێزار دەبێت و توانای وەڵامدانەوەی پرسیاری زۆری نییە.

ڕێکارەکانی پێوەری بەها ئابوورییەکان: بۆ ئەوەی پێوانەی توێژینەوەکە سەرکەوتوو باوەڕ پێکراو بیت و پشتی پێ ببەسترێت ئەوە دەبێت هێزی جیاکاری و ڕاست و دروستی و جێگیری بۆ دەربهێنرێت

### أ-ڕاستی و دروستی (الصدق):

چەند جۆرێک لە ڕاستی هەن، یەکێک لەو جۆرانە ڕاستی ڕواڵەتییە، توێژەران لەم توێژینەوەدا ڕێگای ڕاستی ڕواڵەتی بەکارهێناوە.

توێژەران بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی و دڵنیابوون لە ئاستی پێوەرەکە و گونجانی لەگەڵ ئاستی تەمەنی منداڵەکان و تا چەند برگەکان بەشێوەیەکی ورد و ئەکادیمی داڕێژراوە و لە توانایدا هەیە پێوانەی ئاستی منداڵەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٧) هەستان بە دابەشکردنی فۆڕمی پێوەرەکە، کە پێکهاتبوو لە (٣٠) برگە بەسەر (١١) شارەزا لە بوارەکانی دەروونزانی و پەروەردە و ڕێگاکانی وانەووتنەوە.

داوایان لە شارەزاکان کرد کە ڕاوو و بۆچوون و تێبینیە زانستییەکانی خۆیان لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی پێوەرەکە بخەنەڕوو.

پاشان توێژەران لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٢٤) کۆتا فۆڕمیان وەرگرتەوە، ڕێژەی سەدی بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە،

توێژەران کۆدەنگی پسپۆڕ و شارەزاکانی بۆ ئاستی گونجاوی بوار و برگەکانی پێوەرەکە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٩٠,٣٪) ی کۆ دەنگی پسپۆڕ و شارەزاکان، دەرکەوت کە سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە پەسەندن بەپێی بوارەکانی پێوەرەکە کە سەرجەم برگەکان مانەوە تەنها (٧) برگە لە ڕووی دارشتنی ڕێزمانی چاککران. لە خشتەی (٢) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٢ )**

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان**

| بوارەکان | برگەکان | ژمارەی شارەزا | ڕای شارەزا | | ڕێژەی سەدی | ئەنجام | چاککردنی دارشتنی ڕێزمانی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | گونجاو | نەگونجاو | | | |
| ئاو | 1 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | - |
| | 2 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 8 | 3 | 72.7% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| خۆراک | 1 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | چاککرا |
| | 2 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | چاککرا |
| | 4 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | چاککرا |
| کارەبا | 1 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | چاککرا |
| | 2 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 10 | 1 | 100% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | - |
| کات | 1 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 2 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | چاککرا |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 9 | 2 | 81.8% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| تەکنەلۆژیا | 1 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | چاککرا |
| | 2 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 11 | 0 | 100% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 5 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| پاشەکەوتکردن | 1 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 2 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 3 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |
| | 4 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | چاککرا |
| | 5 | 11 | 10 | 1 | 90.9% | مایەوە | - |

**ب-جێگیری پێوەرەکە(ثبات المقياس):**

بۆ دۆزینەوەی زانینی ئاستی جێگیری ئامرازی توێژینەوە چەند ڕێگایەک هەیە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەران جێگیری پێوەرەکەیان بەڕێگای (دووبارە تاقیکردنەوە) ی بەکارهێنا.

ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە: توێژەران لەم ڕێگایەدا بە مەبەستی دڵنیا بوون لە جێگیری تاقیکردنەوەکە هەستا بە وەرگرتنی (٢٠) منداڵی باخچە و تاقیکردنەوەیان، لەپاش (٢١) ڕۆژ لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی یەکەم، تاقیکردنەوەی هەمان ئەو منداڵانە کرایەوە. لەدوای دەرهێنانی ئەنجامەکان فۆرمەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە، هاوکۆلکەی پەیوەندی (پێرسۆن) لە نێوانیان دەرهێندرا، کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە (٠,٨٧) کە ئەمەش ئەنجامێکی باش و گونجاوە بۆ جێگیری تاقیکردنەوەکە و تاقیکردنەوەی لەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

٢. توێژەران بە سوود بینین لە توێژینەوەی ( بولا، ٢٠١٤) ، ( هیة، ٢٠١٨) ، (زینب ، ٢٠١٨)  چەند پرۆگرامێکی ڕاهێنانی پرۆگرامەکەیان ئامادە کرد ، وە دیاریکردنی بابەتەکان و ئامانجەکان و کەرەستەکانی پرۆگرامەکە کە گونجاوە بۆ منداڵانی باخچە، سەرەتا پێویستی بە دەستنیشانکردنی پێداویستی و هۆکارەکانی پرۆگرامەکەیە، توێژەران بابەتەکانی بە پێی بوارەکانی تاقیکردنەوەکە و سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو دەستنیشان کرد کە بۆ هەر بوارێك دوو بابەت ئامادە کراوە. لە خشتەی (٣) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣)**

**دەستنیشانکردنی بابەتەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان**

| بوارەکانی بەها ئابوورییەکان | بابەتەکان |
|---|---|
| هۆشیاری بەکارهێنانی ئاو | ١. گرنگی ئاو لە ژیانماندا.<br>٢. چۆنیەتی پاراستنی ئاو بۆ یارمەتیدانی زەوی. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی خۆراك | ١. بەهای خۆراکەکان بزانە.<br>٢. خۆراك بەفیڕۆ مەدە. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبا | ١.کارەبا ژیانمان بەردەوام دەکات و پەرەی پێدەدات.<br>٢. شانۆیی دادگاییکردنی مرۆڤ لەسەر زیاد بەکارهێنانی کارەبا. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی کات | ١. کات بە نرخە.<br>٢. کاتە بەتاڵەکانم بەیاری بەسەر دەبەم. |
| هۆشیاری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا | ١.گرنگی تەکنەلۆژیا لە ئاسانکردنی کارەکاندا.<br>٢. دییە چاوی سووربۆتەوە. |
| پاشەکەوتکردن | ١. بە پاشەکەوتککردنی پارە کاتی خۆش بەسەر دەبەین.<br>٢. دەخیلەی بیرۆکەکان. |

لەدوای دەستنیشانکردنی بابەتەکەنی بەرنامەی ڕاهێنانی توێژەران دەستیان کردووە بە پێویستەکانی داڕشتنی بەرنامەکە کە پێویستە بە چەند هەنگاوێکدا تێپەڕت بەم شێوازەی لای خوارەوە:

**أ.دیاریکردنی ئامانجی پرۆگرامەکە :**

_ئامانجی گشتی: ئەو ئامانجانەن کە لەلایەن توێژەرانەوە دانراون لە پرۆگرامەکەدا بۆ گەشەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی باخچە تەمەن (٥_٦) ساڵ و زیاد کردنی زانیاری منداڵ و سوود بینینی منداڵ لە ژیانی داهاتوویدا.

**_ئامانجی ڕەفتاری :**

١. بەشداری کردنی منداڵ لە دانیشتنەکاندا.

٢. دیاریکردنی کاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە.

٣. بەدەستهێنانی منداڵ بۆ وەرگرتنی بەها ئابوورییەکان و جێبەجێ کردنی لە ژیانی ڕاستەقینەدا لە کات و بارودۆخی جیاوازدا.

ب. شێوازی ڕاهێنانەکان :

لەهەر دانیشتنێکدا چەند شێواز و ستراتیژییەك بەکارهاتووە بە پێی ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك کە پێکهاتوون لە ستراتیژییەکانی ( فێربوونی هەرەوەزی ، گفتوگۆ ، ڕۆڵبینین، چارەسەر کردنی کێشەکان ، بیرپژان ، فێربوون بە دۆزینەوە ، فێربوون بە یاری ، گێڕانەوەی چیرۆك).

**ج. وەسفی پرۆگرامەکە :**

پرۆگرامە پێکهاتووە لە (١٤) دانیشتن ، لە هەفتەیەکدا (٢) دانیشتن جێبەجێکراوە و هەر دانیشتنێك ماوەی (٣٠) خولەکی خایاندووە.

ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پرۆگرامەکە :

مەبەست لەوەیە کۆمەڵێك لە پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامەکە دەکەن تاوەکو بڕیار لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی ڕاهێنان و ئامانج و چالاکییەکانی پرۆگرامەکە دەدەن کە تا چەند لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتی دانیشتنەکان یەکدەگرێتەوە و گونجاوە.

توێژەران پرۆگرامەکەیان لەگەڵ پێوەرەکەدا هاوپێچ کرد و بەسەر (١١) لە شارەزاکان لە بواری (پەروەردە و دەروونناسی و ڕێگاکانی وانەووتنەوە) دابەش کرد تا ڕای شارەزاکان وەربگرێن سەبارەت بە کۆ دەنگی پسپۆڕانی بوارەکە لە بارەی گونجاوی ڕاهێنانەکان لەگەڵ بابەتی دانیشتنەکان. پاشان توێژەران وەڵامی شارەزاکانیان وەرگرتەوە و توێژەر (ڕێژەی سەددی ) بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی جێگیری پرۆگرامەکەی ، بە کۆدەنگی شارەزاکان ڕاستگۆیی بۆ پرۆگرامەکە دەرکرد کە گەیشتە (٪١٠٠) واتە هەموو شارەزاکان کۆ دەنگ بوون لەسەر پرۆگرامەکە ، ئەمەش واتای ڕاستگۆیی پرۆگرامەکە دەگەیەنێت.

**هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکە :**

لە پرۆگرامی ڕاهێناندا پێویستە توێژەر هەڵسەنگاندن بکات تا بزانێت ڕادەی فێربوون و تێگەیشتن و فێربوونی فێرخوازەکان لە چ ئاستێکدا یە، کە ئەویش سێ جۆر هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە کە ئەمانەن :

هەڵسەنگاندنی پێشەکی : بە تاقیکردنەوەی فێرخوازەکان لەسەر تاقیکردنەوەی وێنەیی بەها ئابوورییەکان پێش جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکە، وە هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکان پێش دەستپێکردنی هەر دانیشتنێك.

هەڵسەنگاندنی پێکهاتەیی: هەڵسەنگاندنی هەر چالاکییەك لە کاتی جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکەدا.

هەڵسەنگاندنی کۆتایی: لە کۆتایی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەدا دووبارە تاقیکردنەوەی پێوەری وێنەیی بەها ئابوورییەکان دەکرێت.

**جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە :**

دوای ئەنجامدانی ڕێکارییەکان و دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری بۆ پێوەرەکە و دەرهێنانی ڕاستگۆیی بۆ پرۆگرامەکە و، دیاریکردنی ئەو باخچەیەی کە پرۆگرامەکەی تێدا جێبەجێدەکرێت، پاش دیاریکردنی نمونەکە و دیزاینی ئەزمونی و دیاریکردنی کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆ چالاکی و ڕاهێنانەکان، توێژەران هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

١. توێژەران داوایان لە بەڕێوەبەری باخچەکە کرد کە پێویستی بە دوو گروپە کە هەر گروپێك پێویستە (١٢) منداڵ بێت، گروپی ( ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو ) کە پێویستە هەر گروپە و بە جیا لە پۆلێك بێت هەر گروپێك پێکهاتبێت لە (٦ کوڕ و ٦ کچ).

٢. توێژەران ڕۆژێك پێش دەسپێکردنی پرۆگرامەکە تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ هەردوو گروپ ئەنجامدا (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو).

٣. توێژەران هەوڵیاندا ژوورێك بەکاربهێنن کە داتاشۆوی تێدا بێت هەروەها گونجاو بێت لەگەڵ دانیشتنەکان و ڕاهێنانەکان، ژووری هەنگ بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێردرا چونکە داتاشۆوی تێدا بوو وە گەورەش بوو گونجاو بوو بۆ ڕاهێنانەکان، وە جگە لەوەی کە هەندێ کات هۆڵی شانۆ و باخچەی باخچەکە بەکاردەهات بۆ چالاکییەکان.

٤. توێژەران (٢٠٢٢/١٠/١٥) تاقیکردنەوەی پێشەکیان ئەنجامدا.

٥. توێژەران (٢٠٢٢/١٠/١٦) یەکەم دانیشتنیان ئەنجامدا کە بریتی بوو لە دانیشتنی یەکتر ناسین کە توێژەران خۆیان بە منداڵەکان ناساند و وە زانینی ناوی منداڵەکان ، توێژەران لە هەمان ڕۆژدا هەردوو گروپیان دەبینی بەڵام گروپی کۆنترۆڵکراو تەنها بابەتەکەیان بە (شێوازی تەقلیدی) پێدەوترا و ڕاهێنانەکانیان پێنەدەکرا.

٦. توێژەران کۆتا دانیشتنیان لە (٢٠٢٢/١٢/١٤) کرد .

٧. توێژەران لە (٢٠٢٢/١٢/١٥) تاقیکردنەوەی پاشەکیان ئەنجامدا.

**شەشەم: ئامرازە ئامارییەکان :**

_تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ (Two Independent Sample T_test) بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی و گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو.

_هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(Pearson)

بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە بە ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە.

_تاقیکردنەوەی (مربع كاي) (Chi –Squared test)

بۆ دۆزینەوەی هاوتایی نێوان گروپەکان لە ڕووی گۆڕاوی (ڕیزبەندی منداڵ لە خێزاندا ، دەستکەوتی خوێندنی دایك و باوك ، پیشەی دایك و باوك).

## بەشی چوارەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

### ١. خستنەڕووی ئەنجامی گریمانەی یەکەم:

گریمانەی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە : (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لەنێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە سەر پێوەری بەها ئابوورییەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (کوڕ و کچ) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی).

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەران تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە (Two Independent Samples T_test) لە خشتەی (٤) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤)**

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (Two Independent Samples T_test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بەها ئابوورییەکان

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای ت | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 12 | 13.2500 | 15 | 3.74469 | 22 | 0.126 | 2.074 | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 13.4167 | | 2.64432 | | | | |

وەك لە خشتەی (٤) دەردەکەوێت کە بەهای (T) هەژمارکراو یەکسانە بە (٠,١٢٦) وە بەهای خشتەیی یەکسانە بە (٢,٠٧٤) ، وە پلەی ئازادی بریتییە لە (٢٢) ، لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ،لەبەر ئەوە بەهای (T) هەژمارکراو بچوکترە لە بەهای خشتەیی ، وە ناوەندی ژمێرەیی هەردوو گروپی( ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو) یەکسانن ، دەردەکەوێت کە جیاوازی نییە لە نێوان نمرەکانی گروپی (ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو ) لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بەها ئابورییەکان.

توێژەران ئەم دەرئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە منداڵی باخچە گرنگی بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەدات ، دیارترینیان یاریکردن و خود سەنتەرییە ، وە سەبارەت بە بابەتی ئابوری و بەها ئابوورییەکان گرنگی پێنادات ئەمەش بەندە بە ڕۆشنبیری خێزانی ئەو منداڵانەی تاقیکردنەوەیان کراوە ، هەروەها بەکارنەهێنانی ووشەی (بەهای ئابووری ) لەلای منداڵ ، وە لەوانەش گرنگتر جێبەجێنەکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانە کە لەوانەیە کاریگەری هەبێت یاخود نەبێت، کەواتە بە پێی ئەو ئەنجامەی پێیگەیشتووین ئەم گریمانەیە پەسەند دەکرێت.

### ٢. خستەڕووی ئەنجامی گریمانەی دووەم :

گریمانەی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە : (جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) لە نێوان نمرەکانی منداڵانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەسەر پێوەری بەها ئابوورییەکان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز( کوڕ و کچ) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی).

بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانەیە توێژەران تاقیکردنەوەی (T) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بەکارهێناوە (Two Independent Samples T_test) لە خشتەی (٥) خراوەتەڕوو.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی (٥)

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی دوو نمونە (Two Independent Samples T_test) بۆ نمرەکانی گروپی ئەزمونی و کۆنترۆلکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابوورییەکان**

| گروپ | ژمارە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای ت | | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 12 | 26.6667 | 15 | 1.49747 | 22 | 16.781 | 2.074 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | 12 | 13.3333 | | 2.30940 | | | | |

وەك لە خشتەی (٥) دەردەکەوێت کە بەهای (T) هەژمارکراو یەکسانە بە (١٦,٧٨١) وە بەهای خشتەیی یەکسانە بە (٢,٠٧٤) ، وە پلەی ئازادی بریتی یە لە (٢٢) ، لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ، لەبەرئەوەی بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی ، وە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی (گروپی ئەزمونی و کۆنترۆلکراو) لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابورییەکان ، دوای ئەوەی کە گروپی (ئەزمونی) پرۆگرامەکەی لەسەر جێبەجێکرا وە گروپی (کۆنترۆلکراو) یش بۆ شێوازی ئاسایی بە جێهێڵدرا بۆیە دەرکەوت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی ) لەبەرژەوەندی گروپی ئەزمونی.

ئەم ئەنجامەش لەگەڵ بۆچوونی (پیاجێ) دا هاوتەریبە کە جەخت لەسەر دوو پرۆسەی تەواوکاری گەشەکردنی مەعریفی منداڵ دەکاتەوە کە ئەوانیش (مژین و خۆگونجاندنن) کە بەرپرسیارە لە ناساندنی ژینگە و توخمەکانی بۆ ناو نەخشەی ڕەفتاری ئێستای تاك وەك خۆی ، وە گۆڕین و ڕێکخستنەوەی نەخشەی مەعریفی تاك بۆ گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییەکانی ژینگەی دەرەکیدا.

لێکدانەوەی توێژەر بۆ ئەم دەرئەنجامە ئەوەیە کە پێشکەشکردنی کارامەیی بەها ئابوورییەکان بۆ گروپی ئەزمونی کە لەڕێگەی پرۆگرامەکەوە ئەنجامدرا کە هاندان و پاداشتی باش و فیدباك گرنگی خۆی هەبوو لە پەرەپێدانی بەها ئابوورییەکان لای منداڵانی گروپی (ئەزمونی)، کە ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە ڕاهێنان و چالاکی یارمەتیدەر بۆ چڕکردنەوەی سەرنجی منداڵان لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەدا، واتە بە پێی ئەو ئەنجامە ئەم گریمانەیە ڕەفز دەکرێت.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

**توێژەران گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

١. ئاستی منداڵانی باخچە سەبارەت بە زانیاری دەربارەی بەها ئابوورییەکان لە ئاستێکی خراپدایە.

٢. تاقیکردنەوەی پاشەکی بەها ئابوورییەکان دەرخەری ئەو ڕاستییە کە پرۆگرامەکە کاریگەری هەبووە لەسەر گروپی ئەزمونی.

## ڕاسپاردەکان :

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان ، توێژەران چەند ڕاسپاردەیەك دەخەنە ڕوو ، کە ئەمانەن:

١. داواکارن لە وەزارەتی پەروەردە کە سوود ببینێت لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی ئێستا کاری پێبکات و پرۆگرامی ڕاهێنان لە سەر ستراتیژییای فێربوونی چالاك بخاتە ناو پرۆگرامی باخچەکانەوە ، تا ببێتە هۆکارێك بۆ بەهێزکردنی توانا و لێهاتووییەکانی منداڵ و زانینی منداڵ بۆ گرنگی بەها ئابورییەکان و جێبەجێکردنی لە ژیانی ڕاستەقینەیدان کە گرنگە بۆ بنیادنانی نەوەیەکی تەندروست بۆ داهاتووی خۆی و خێزان و وولاتەکەی.

٢. کردنەوەی خولی فێرکاری بۆ مامۆستایانی باخچە لەبارەی پرۆگرامە چالاکەکانەوە لەهەر جۆرێك بێت (ڕاهێنانی ، فێرکاری ، هتد...) کە بە شێوازێك بێك چالاك بێت و بەدوور بێت لە شێوازی (تەقلیدی) ، کە بتوانێت گرنگی بەکارهێنانی شتەکانی چواردەوری منداڵ ڕوونبکاتەوە ، تا منداڵ لە ڕێیەوە بەها و گرنگی ئەو شتانە بزانێت کە بەکاریاندەهێت وە پاراستنی ماڵ و سامانی گشتی.

## پێشنیازەکان:

ئەم بابەتە بابەتێکی فرە ڕەهەندە و پێکداچوو گرنگە، هەربۆیە پێشنیار دەکەین : توێژەرانی دیکە لەم بوارەدا کاربکەن و توێژینەوەی دیکە لەلایەنە جیاوازەکانی تری ئەم بابەتە بکەن.

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن.

٢. کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لەسەر ستراتیژییای فێربوونی چالاك بۆ زانینی منداڵ دەربارەی گرنگی ژینگە.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:

١. بۆکانی ، سابیر بەکر ، (٢٠٢٠) ، میتۆدی توێژینەوەی زانستی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.

٢. عەزیز ، کەریم ئەحمەد ، (٢٠١٤ ) ، بنەماگشتییەکانی ڕێگاکانی وانەووتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

١. ابن ياسين ، ثناء محمد و احمد ، ( ٢٠١٣) ، استراتيجيات التعلم النشط وتنمية عمليات العلم ، : الأهمية والمعوقات من وجهة نظر معلمات العلوم ، بحوث ومقالات ، دراسات تجريبية في التربية وعلم النفس السعودية ، مجلد ٤٤ ، ج٢.

٢. آل غيهب ، حصه عبداللطيف ، (٢٠١٩) ، ممارسات معلمات رياض الأطفال في اكساب الثقافة الغذائية لطفل الروضة أثناء فترة الوجبة ، مجلة العلوم التربوية و النفسية ، العدد الرابع – المجلد الثالث.

٣. الجابري ، نهيل ، ( ٢٠١١) ، طفل الروضة في عصر التكنلوجيا المعلومات ، جامعة البترا.

٤. جمعه ، فايزة احمد محمد ، (٢٠٢٠) ، فعالية برنامج قائم على التعلم النشط لتنمية بعض القيم الأقتصادية لدى طفل الروضة ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعة مدينة السادات.

٥. جواد ، شيماء محمد ، (٢٠١٧) ، ترشيد استهلاك الماء واجب ومسؤولية وطنية ، كلية التربية الأساسية ، الجامعة المستنصرية.

٦. الحمود ، هناء قاسم ، (٢٠١٠) ، دور معلمة الروضة في بناء القيم الاقتصادية لدى أطفال الرياض ما بين سن (٥-٦) سنوات ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية التربية ، جامعة دمشق.

٧. الخضر ، خلود بنت فهد ، (٢٠٢١) ، واقع دور الأسرة السعودية في التربية الأقتصادية للأولاد في ضوء تداعيات العولمة ، كلية التربية ، جامعة أسيوط ، المجلد السابع والثلاثون ،العدد الرابع.

٨. خيري ، لمياء محمد أيمن ، (٢٠١٨) ، التعلم النشط ، ط١ ، مؤسسة يسطرون للطباعة و النشر و التوزيع ، الجهزة.

٩. دور رياض الأطفال في توعية طفل الروضة بمفاهيم الثقافة الصحية من وجهة نظر المعلمات وأمهات الأطفال في ضوء بعض المتغيرات ، (٢٠١٦)، مجلة كلية التربية ، جامعة الأزهر ، العدد : (١٦٩ الجزء الأول).

١٠. رمضان، هناء احمد فؤاد، (٢٠١٩)، برنامج قائم على الانشطة الفنية لتنمية بعض القيم الاقتصادية لطفل الروضة ، مجلة العلمية لكلية رياض الاطفال، جامعة المنصورة، المجلد الخامس، العدد الثالث.

١١.شبيب ، محمود محمد ، (٢٠١٩) ، البرامج التدريبية في البحوث التربوية (بنائها _ تطبيقاتها ) ، ط١ ، عالم الكتب ، القاهرة.

١٢. شرف ، ايمان عبدالله ، (٢٠١٧) ، فاعلية برنامج تعليمي الكتروني في تنمية الثقافة البصرية والمفاهيم الأقتصادية لأطفال الروضة ، المجلة العلمية كلية رياض الأطفال ، جامعة المنصورة ، المجلد الثالث، العدد الرابع.

١٣. العازمي ، عائش ساير ، (٢٠٠٢) ، أثر طريقة التعلم التعاوني في الاستيعاب القرائي لدى طلاب الصف السادس الابتدائي في المملكة العربية السعودية ، رسالة ماجستير منشورة ، قسم المناهج والتدريس.

١٤. عطية ، سعدي جاسم واخرون ، (٢٠١٨) ، الخبرات والأنشطة لآطفال التمهيدي KG٢ ، ط٥ ، وزارة التربية ، المديرية العامة للمناهج.

١٥. علي ، فاتن أحمد ربيع ، (٢٠٢١) ، فاعلية برنامج متعدد الأنشطة لتنمية بعض أبعاد التربية الأقتصادية للطفل بمرحلة الطفولة المبكرة في ضوء رؤية مصر ٢٠٣٠ ، المجلة العلمية لكلية رياض الأطفال ، جامعة بورسعيد.

١٦. علي ، محمد السيد ، (٢٠١٠) ، اتجاهات وتطبيقات حديثة في المناهج و طرق التدريس ، ط١ ، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة ، عمان ، الأردن.

١٧. الغوالبي ، نشوى عبدالحميد على، (٢٠١٢) ، فعالية استخدام برنامج من الألعاب التعليمية في تنمية ميل تلاميذ الصف الرابع الابتدائي (البنين) نحو مادة الأقتصاد المنزلي ، رسالة ماجستير منشورة ، مجلة كلية التربية ، جامعة بورسعيد ، العدد الحدي العشر.

١٨. الفقى ، ابراهيم ، (٢٠٠٩) ، ادارة الوقت ، ابداع وقلوب للأعلام والنشر ، القاهرة.

١٩. القيسي ، ماجد أيوب ، (٢٠١٨) ، المناهج وطرائق التدريس ، ط١ ، دار أمجد للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن.

٢٠. كاطع ، زينب محمد ، (٢٠١٨) ، أثر البرنامج القصصي في تنمية القيم الأقتصادية لدى اطفال الرياض ، كلية الآداب ، جامعة عين شمس ، المجلد ٤٦.

**گۆڤاری عەرەبی:**

١. محمد ، عايده ذيب ، ( ٢٠١٥) ، درجة فاعلية استراتيجية القصة في تنمية بعض المهارات الحياتية لدى الأطفال ، المجلة الدولية للبحوث الاسلامية والانسانية المتقدمة ، المجلد ٥ – العدد ٩.

٢. المصري ، لينا أحمد سليم ، (٢٠١٤) ، أثر تطبيق استراتيجيات التعلم النشط على تصميم الغرف الصفية في مدارس التعليم الأساسي بقطاع غزة ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية الهندسة ، الجامعة الاسلامية_ غزة.

٣. المعنونة ، مي أبو عواد ، (٢٠١٥) ، أثر استخدام استراتيجية حل المشكلات في الطلبة في مادة علم الأحياء والارض واتجاهاتهم نحوها ، رسالة ماجستير منشورة ، قسم المناهج وطرائق التدريس.

٤. النجار ، عفاف أحمد ، (٢٠١١) ، البرامج التدريبية وأثرها على أداء موظفي وزارة التربية والتعليم الفلسطينية في محافظة الخليل : واقع وطموحات ، رسالة ماجستير منشورة ، كلية الدراسات العليا و البحث العلمي ، جامعة الخليل .

٥. هنداوي ، صفوت توفيق ، (٢٠٢١) ، استراتيجيات التدريس ، المحاضرة ، الفصل الثاني.